
# پرۆگرامی Toon boom studio تایبەت بە دروستکردنی فیلمی کارتۆنی



پرۆگرامی Toon boom studio ناوی پرۆگرامێکی زۆر بەهێز و سەرکەوتووی ئەنیمەشن واتە جوڵەدانە بە وێنە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ فیلمی کارتۆنی زۆر سەرکەوتوو بۆ منداڵان بخولقێنی. چونکە پرۆگرامەکە بۆ جوڵەکردنی وێنە لە چوارچێوەیەکی دوو رەهەندی دایە و بەکارهێنانیشی زۆر سادە و سانایە. ئەو پرۆگرامە کۆمەڵێك ئامرازی تێدایە بۆ دیزاینی وێنە، سکان کردنی ئەو نیگارانەی کە بەدەست کێشراونەتەوە. هەروەها دانانی ئەو بەرهەمانەی کە پێشتر ئامادە کراون، جوڵە پێکردنی لێوی نیگارەکێشراوەکان ئەوکاتەی کە ئاخاوتن دەکات، هەروەها سێ رەهەندی بەخشین بە وێنەکان. کە هەموو ئەوانە لەو پرۆگرامە دا هەن.

بەشێك لە توانا سەرەکییەکانی پرۆگرامی ئەنیمەشن دروستکەری دوو رەهەندی Tooon boom studio:

توانا جۆراوجۆرەکان بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێك: کە بریتییە لە ئامرازە جۆراوجۆر و بەهێزەکانی وێنەکێشان و پرۆسەی دیجیتالی، هەروەها سیستەمی بەهێزی رەنگ کردن کە گشت ئەوانە یارمەتیدەرن بۆ بەرهەمێکی سەرکەوتوو.

- کەمبوونی کات لە بەرهەمهێنانی بەرهەمێکدا، هەروەها توانای جوڵە بەخشین بە لێوەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی. ئەو پرۆگرامە زۆر هۆشمەندانە ئەو دەنگەی بۆ کاراکتەرەکە داندراوە، لەگەڵ لێوی وێنە کێشراوەکە هاورێك دەکات، ئیدی پێویست ناکات کاتێکی زۆر خۆت بە رێککردنی خەریك بکەی.
- توانای خەزن کردنی وێنەکان بە فۆرماتە جۆراوجۆرەکانی وەك: TGA، JPEG، PSD، PDF، AI، SWF و هەروەها Gifیش.
- بوونی لایەری جۆراوجۆر بۆ پێکهێنانی لاپەڕەیەکی جوان.
- دانانی جوڵەی کامێرا لە چوارچێوەدا، هەروەها دانانی سێبەر و ڕووناکی زۆر سروشتی کە هیچ هەستی پێنەکرێ و زۆر توانای دیکەی گرنگیش.
- خەزنکردنی بەرهەمەکە لە ئامێرەکانی مۆبایل، کۆمپیوتەر Pda و ipod و چەندین توانای دیکەش.





## کۆمپیوتەرە وایەرلەیسەکان زیان بەتەندروستی منداڵ دەگەیەنن

یەکێك لە شارەزایانی بەریتانی هۆشداریدا کە کۆمپیوتەرە وایەرلەیسەکان دەتوانن تەندروستی منداڵان بخەنە مەترسییەوە. پرۆ فیسۆر لاری چالیس رایگەیاند "بەرلەوەی لێکۆڵینەوەکان بگەنە ئەنجامێکی دروست واباشە منداڵان لە تۆڕەکانی وایەرلەیسی کۆمپیوتەرەکان کە بە شێوازی بێ وایەر بە ئەنتەرنێت دەبەسترێنەوە دووربکەونەوە".

ئەو لەو بڕوایە دایە کە منداڵان دەبێ مەودای نێوان خۆیان و کۆمپیوتەر بەباشی بزانن ئەوەندە لە کۆمپیوتەر نزیك دەبنەوە.

ئاژانسی پاراستنی تەندروستی بەریتانیا لەمبارەوە رایگەیاند، ئەو ئامێرانەی کە تەکنەلۆژیای وایەرلەیس سوود وەردەگرن بە بەراورد بە مۆبایل هێزێکی کەمتریان دەوێت.


هەروەها پرۆ فیسۆری ناوبراو وتی:

ماوەیەك لەمەوبەر کە لەلایەن حکومەتی بەریتانیا سەبارەت بە مەترسی مۆبایل بۆ منداڵانی هۆشاری دابوو، ئێمە ئاکامێکی باشمان دەستکەوت، ئێمە دەبێ سەبارەت بە تەکنەلۆژیای وایەرلیسیش هۆشیار بین.

## سکاینەرێک بۆ خوێندنەوەی کێلی گۆڕەکان

زانایانی ئەمەریکی زانکۆی گارنگی، سکاینەرێکی سێ ڕەهەندیان هێناوەتە بەرهەم کە دیقەکەی یەکجار ئاست بەرزە و دەتوانێ دەقە هەڵکەندراوەکانی سەر گۆڕە دێرینەکان بخوێنێتەوە.
ئەو سکاینەرە بە کۆمپیوتەر بەستراوەتەوە، ئەو وێنەی کە لە کێلی گۆڕەکە دەیگرێ لەگەڵ ئەو نموونانەی کە لە بەنکی زانیاری خۆیدا هەیە بەراوردیان دەکات و، بەنکە زانیارییەکە پڕە لە نموونەی فۆنت و پیتی زمانە جیاجیاکانی جیهان.
لەراستیدا بەر لە داهێنانی ئەو سکاینەرە، وێنە و دەقە هەڵکەندراوەکانی سەر کێلە دێرینەکان کە بەهۆی کاریگەری کەش و هەوا کارەساتی سروشتی زیانیان پێگەیشتبوو، خوێندنەوەیان زۆر دژوار بوو.
پسپۆران دەڵێن ڕۆژێك دادێت، کە لەو تەکنەلۆژیە بۆ تاقیکردنەوە لەسەر زمانی نەخۆشەکان و دیاریکردنی نەخۆشییەکەیان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە سوود وەردەگیرێ.







## پاندا و هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر ڤایرۆسان

کۆمپانیای پاندا، کۆمپانیای ئەمنیەت پارێزی کۆمپیوتەر و تۆڕی ئەنتەرنێت، خەریکی دارشتنی گەڵاڵەیەکی نوێیە بۆ دروستکردنی پرۆگرامێکی زۆر بەهێز بۆ لەناوبردنی هەموو ڤایرۆس و فایلە تێکدەرەکان.
بڕیار وایە ئەو پرۆگرامە نوێیەی پاندا سەرەتای ساڵی 2008 بکەوێتە بازاڕ، کە بەر لە بڵاوبوونەوەی هەرچەشنە ڤایرۆسێك دەگرێت. ئەو پرۆگرامە نوێیە ڤێرژنەکانی جۆراوجۆرن، ڤێرژنی panda Titanium، antivirus+firewall 2007) هەروەها ڤێرژنی pan-da internet security 2007 Platinum. کۆمپانیای پاندا بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای anti-phishing لەو پرۆگرامانەدا توانای ناسین و ڕاگرتنی تەواوی هەڕەشە تێکدەرەکانی ئەنتەرنێت بۆ بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر دەستەبەر دەکات. ئەو پرۆگرامانە جگە لە بەرگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس، کۆدە تێکدەرەکان و پرۆگرامە سیخوڕییەکانیش لەناو دەبات. شایانی ئاماژە پێدانە کۆمپانیای پاندا گەورەترین کۆمپانیایە کە بەمەبەستی پاراستنی ئەمنییەتی تۆڕی ئەنتەرنێت دامەزراوە، جگە لەوەش ئەو کۆمپانیایە هەموو هەفتەیەك ڕاپۆرتی ئەمنییەتی خۆی سەبارەت بە ڤایرۆسە بڵاوبووەکانی هەفتە بڵاودەکاتەوە.

## بچووکترین پاتری کە بەخۆر شەحن دەبێتەوە



توێژەرانی کیمیاگەری زانکۆی Harvard بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرەوە توانیان لە بەرهەمهێنانی باترییەك دا سەرکەوتووبن، کە بە وزەی خۆر شەحن دەبێتەوە. ئەو باترییە خۆرییە سەد بەرابەر لە تاڵە موویەك بچووکترە . ئەم باترییە ئەم توانایەی هەیە کە وزەی خۆر بکاتە وزەی ئەلکتریکی. نزیکەی 200 پیکووات وزە بەرهەم بێنێ. واتە دووسەد ملیارمی واتێك. ڕاستە وزەکە زۆر زۆر کەمە، بەڵام ئەو باترییە دەکرێ لە ئامێری زۆر بچووك کە پێویستییەکی زۆر کەمیان بە وزە هەیە بخرێن. پێدەچێ مۆبایل و کەرەسەکانی پزیشکی لە داهاتوودا زۆر پێویستیان بەم جۆرە باترییە بێت. ئەو باترییە دەکرێ وەك پێشەنگی بچووك بوونەوەی باتری سەیر بکرێ کە لە داهاتوودا جیهان بەخۆیەوە دەبینێ.



## گۆڕانکارییەکی نوێ لە جیهانی فلاش میمۆری دا



کۆمپانیای سامسۆنگ کە گەورەترین بەرهەمهێنەری میمۆری کۆمپیوتەر و مۆبایلە، بەم دواییە ڕایگەیاند: لە بەرهەمهێنانی فلاش میمۆری 128 گیگابایتیدا سەرکەوتوو بووە، ئەمەش لە جیهانی کۆمپیوتەر و داکردنی زانیارییدا بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە، چونکە تاکو ئێستا فلاش میمۆرییەکان قەوارەی داکردنیان لە 8 هەتا 16گیگابایت تێنەدەپەڕی.
ئەو فلاش میمۆرییە لەسەر بنچینەی تەکنەلۆژیای 30نانۆمەتری بەرهەم دێت. داهاتنی ئەم میمۆرییە نوێیە دەبێتە هۆی نەوەیەکی نوێ لە کارتی میمۆری، کە توانای داکردنیان 80 جاران زیاترە لە DVDیەك. هەروەها دەکرێ گشت داتاکانی 128 کۆمپیوتەری زۆر ئاست بەرز لەودا جێگای بێتەوە. ئەم فلاش میمۆرییە بڕیار وایە ساڵی 2009 بکەوێتە بازاڕ. داهاتنی ئەم فلاشە نەتەنیا گۆڕان لە جیهانی کۆمپیوتەردا پێك دێنێ، بەڵکو لە تەکنەلۆژیای کامێرای وێنە و فیلمدا و هەروەها لە مۆبایل و ئامێرەکانی MP3دا گۆڕانکارییەکی مەزن دێنێتە دی.

## زانیارییەکی نوێ

### سڕینەوەی ئەو فۆڵدەرانەی کە قەرەباڵغی لەسەر کۆمپیوتەر دروست دەکەن

جار هەیە، سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەت، یان هەرکام لە درایڤەکانی کۆمپیوتەر پڕن لە فۆڵدەری بێ سوود، بێ ئەوەکەی تەنیا فایلێکیشیان تێدابێ. بۆ لە کۆڵ خۆکردنەوەی ئەو هەموو قەرەباڵغییە، لەسەرەتادا پێویستە لە قائیمەی Start فرمانی Searchهەڵبژێرە.پاشان فرمانی All files and folders دیاری بکە و دواتر، هێمای لای more advanced options لێبدە. ئێستاکە ئەو فرمانانەی کە نیشان دەدەرێن دیاری بکە، فرمانەکانئەوانەن:Search system folders، search hidden files and folders، search sub folders دواتر واژەی Sfcfiles لە لای سەرەوە بنووسەو دوگمەی Search لێبدە. دوای کۆتایی ئەم کارە، ڕیزی فایلەکانی Sfcfiles.dll دەدۆزیەوە.
ئێستاکە لەسەر دانە دانەی ئەو فایلانە کلیکی ڕاست لێبدە و فرمانی Rename هەڵبژێرە. ناوەکەی هەرچی پێت خۆشتە لێ بنێ. بۆ نموونە Sfcfiles2.dll. لەو کاتەدا ئێوە پەیامێکی هەڵەتان بۆ دێت واتە ئیرۆرێك، کە باس لەوە دەکات ئەو فایلانە بەشێکن لە سیستەم و داواتان لێدەکات بۆ گەڕاندنەوەی ئەوانە بۆ قۆناغی دەسپێك CD ویندۆز دابنێ، بەڵام ئێوە دوگمەی Cancel لێبدن و پاشان سیستەمەکە Restart بکەنەوە. پاش ئەوەی کۆمپیوتەر ریستارت بوویەوە، بە ئاسانی دەتوانن بە داگرتنی دوگمەی Delete فۆڵدەری Xerox و هەروەها Nwwia بسڕنەوە.





# لاپتۆپی VAIO AR نیشاندانێکی سەرسوڕهێنەر

لاپ تۆپی VAIO AR بە یارمەتی درایڤەکانی Blu-Ray وێنەیەکی سەرسوڕهێنەر نیشاندەدات، بەڵام دەبێ تۆ یەکێك بی لەوانەی پارەیان ئەوەند بۆ گرنگ نەبێ ئەگینا کڕینی ئەو لاپتۆپانە بۆ خەڵکی ئاسایی ئەوەندە ئاسان نییە. چونکە زۆر گران بەهایە و خۆی لە 3500 دولار هەتا 5000 دولار دەدات.

ململانێ لە نێوان نەوەی نوێی فۆرماتی DVD لە زۆر بواردا لە ئارا دایە بازاڕی لاپتۆپیش یەکێکە لەو مەیدانانە. کۆمپانیای سۆنی ئەمساڵ یەکەمین زنجیرە لاپتۆپەکانی خۆی بەناوی Ar Premium کە خاوەنی درایڤی Blu-ray بە نرخی 3500 دۆلار خستە بازاڕەوە. یەکێك لە لاپ تۆپەکانی ئەم زنجیرەیە لاپتۆپی VAIOیە. هەروەك ئاماژەی پێدرا دیقەی نیشاندانی وێنەکەی زۆر بەرزە و سۆنی DVDیەکی لە جۆری Blu-ray لە فیلمی Hitch لەگەڵ ئەم لاپتۆپە داناوە.

وێنەی فیلمەکە بە ئاستێکی زۆر بەرز نیشان دەدرێ و بینەر لەهەر گرتەیەکدا زۆر لە بەشەکانی دیمەنی فیلمەکە بە روونی دەبینێ. بۆ نموونە: لەو فیلمەدا دیمەنێك لە شاری نیۆیۆرك نیشاندراوە کە تەنانەت لەو شاشە 17 ئینجەی ئەو لاپتۆپەدا دیمەنەکان ئەوەندە روون و بەرجەستە و دیار، مرۆڤ وا هەست دەکات خۆی لەوێیە.

بەڵام ئەگەر خۆشبینانە نەڕوانین و لایەنە نێگەتیڤەکانیشی هەڵسەنگێنین، دەبینین کە لاپتۆپی VAIO AR Premium ئەو لاپتۆپە نییە کە بتوانی لە هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆتی بگێڕی، یان لە فرۆکە یان لە گەشت و سەیران، کە هیچ سەرچاوەیەکی وزەی لێ نییە سوودی لێوەربگری، چونکە باترییەکەی زۆر بە خێرایی دادەبەزێ کە تەنانەت دوای نیو کاتژمێر لە سەیرکردنی فیلم 20% باترییەکە دادەبەزێ. ئاکامی دابەزینی باترییەکە سەیرترە لەهەموو ئامێرێك کە بە باتری ئیش دەکات. چونکە بە دابەزینی باتری هێڵی ڕەنگاوڕەنگ تێکەڵ و پێکەڵ نیشان دەدات، ڕاست وەك تەلەڤزیۆنێکی بێ ئالیەر. دەکرێ ئەو لاپتۆتە زیاتر لەسەر مێز سوودی لێوەربگیرێ، چونکە تەنانەت لە کاتی سوود وەرنەگرتن لە دیسکی Blu-ray ئەو ئامێرە تەنیا 2 کاتژمێر بە باتری کار دەکات.

لەلایەکی دیکەوە، تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەو لاپتۆپە وەك کۆمپیوتەرێکی زۆر بەهێز نیشانی دەدەن، ئەوەیە پرۆسیسەرەکەی دوو گیگایە و دەبل پرۆسیسەری ئەنتەلە، هەروەها RAMەکەی یەك گیگابایتە. ئەو تایبەتمەندییانەش دەبێتە هۆی ئەوەی خێرایی و لێکدانەوەی کۆمپیوتەرەکە زۆر خێرا بێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ RAMەکەی هەتا دوو گیگابایت بەرییە سەرێ.

لەو لاپۆتەدا لە کارتی گرافیکی لە جۆری Geforce Go 7600 GT سوود وەرگیراوە. کە لەلایەن کۆمپانیای NVIDIA بەرهەم هاتووە. لەم جۆرە کارتە گرافیکییەدا، 256 میگابایت لە زەین بۆ نیشاندانی باشتری فیلم و ئەو گەمانەی کە توانای گرافیکیان بەرزە بۆ خۆی دەبات. سیستەمی بەگوڕ خەری ویندۆزەکەی لە جۆری ویندوز XPیە.

شایانی باسە زنجیرەی ARی لاپتۆپەکانی VAIO سۆنی، تەلەڤزیۆنیشی لەگەڵ خۆیدایە کە دەکرێ تەلەڤزیۆنە هەرێمییەکان بە دیقەی بەرزەوە نیشان بدات. ئەو لاپتۆپە هاردەکەی 200 گیگابایتە کە ئەو ڕێژەیە بۆ فایلەکانی ڤیدیۆیی زۆر لەسەرێیە. هەر 26 کاتژمێر لە فیلمەکان بە دیقەی ستانداردەوە لە 50 گیگابایت لە زەیندا جێ دەگرێ. بەڵام 50 گیگابایت تەنیا قەوارەی پێویست بۆ 4 کاتژمێر فیلم بە دیقەی Blu-ray دابین دەکات. هەروەها درایڤێکی کۆپی کردنی Blu-Ray لەگەڵدایە. ئەگەر ئێوە خاوەنی کامێرایەکی نوێی سۆنین کە وێنەکان بە دیقەی بەرز تۆمار دەکات، دەکرێ دەستکاری بکەی و بە شێوەی دیسکی Blu-ray لەخۆیدا رابگری.

هەروەها دەکرێ لاپتۆپەکە لە تەلەڤزیۆن ببەستییەوەو لەبری شاشەی لاپتۆپەکە لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکە سوود وەربگری.پۆرتی S-Video و HDMI لە لاپتۆپی زنجیرەی AR هەر بەو مەبەستە دانداوە. لەگەڵ ئەو هەموو توانایانە نابێ گرانبایی بوونەکەش لەبیر بکەن.

دیارە تایبەتمەندییەکانی لەسەرێیە، بەڵام هاوشێوەی ئەو لاپتۆپە لە بازاڕدا وەگیر دەکەوێ، ئەگەرچی هیچ کامێکیان توانای نیشاندانی DVDەکانی جۆری Blu-ray نییە.

ماوەیەکی زۆر نییە کە دیسکی Blu-ray کەوتوونەتە بازاڕەوە ئەگەر ئێوە لایەنگری وێنەی زۆر ئاست بەرزن وکۆپی کردنیان لەسەر دیسکی Blu-ray بۆتان گرنگی هەیە، ڕەنگە گوێ بە گرانبایی بوونی ئەو لاپتۆپەش نەدەن.